# ئەمەریكا بەردی بناخەی سیخوڕخانەیەک لە سلێمانی دادەنێت

**ئەمجەد شاکەلی**




به بەشداربوونی زەلمای خەلیلزادی باڵیۆزی ئەمەریكا لە عیراق و جەلال تاڵەبانی سەرۆككۆماری عیراق، لە ڕۆژی 2005-12-11دا، بناخەی زانستگەی[1] ئەمەریكی لە شاری سلێمانی دانرا[2]. وەک پیشەی هەردەمی میدیای كوردستان، كۆڵێک پەسنیان دا و بە پرۆژەیەكی گەلێک گرنگ و هاوچەرخ و باش بۆ گەلی كوردستان و...نرخێندرا و باس كرا. ئەوە هیچ، كە خەلیلزاد زۆری لە بارەوە گوت، تاڵەبانییش بۆ خۆی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی لە پەسندان و پێداهەڵدان و مەزنكردنەوە، چەندی پێی كرا، لەمەڕ ئەو پرۆژەیەوە ئاخافت و كۆڵێ پەسنی بووش و ئەمەریكا و دۆستانی دیكەیشی دا. ئەمەریكا لە هەر كارێكیدا، كە دەیكات، نەخشەیەكی هەیە و بە مەبەستێكی تایبەت دەیكات. تەواوی پرۆگرامێكی لە سیاسەتی عیراقدا، بە باشووری كوردستانیشەوە، كە ئەمڕۆ پیادە دەكرێت و دەخرێتە گەڕ، ئەنجامی نەخشەیەكی داڕێژراوی پێشتری ئەمەریكایە. هەرچەندی سەرانی كورد و سەرانی عیراقیش بانگاشەی سەربەخۆیی و خۆبڕیاردان و خاوەنی خۆبوون بكەن، پتر لە ڕاستییەوە دوور دەكەونەوە. ئەمەریكا

---

[1] وشەی زانكۆ، وشەیەكی داتاشراو و دروستكراوە، كە كورد بۆ(زانستگە،جامعة، دانشگاه، Univercity) بە هەڵە بەكاری دەبات. (زان): كورتكراوەی زانینە، كە واتایەكی تەواوی زانین و زانست نابەخشێت و و (كۆ): لەیەک دانە زیاتر، واتە: گردبوونەوەی چەند شتێک، كە بەو پێیە دەكاتە(زان)، واتە: كۆی زان، كە هیچ واتایەكی نییە و وشەیەكی ناڕاستە. بەڵام زانستگە، كە باشترین وشەیەیە بۆ(جامعة، دانشگاه، Univercity)، دەكاتە: جێی زانست، شوێنی زانست، كە ئەوە بۆ خۆی دەربڕی تەواوی وشەكە و ناوەڕۆكی كاری ئەو دەسگا و دامەزراوەیشە.

[2] كوردستانی نوێ، ژمارە 3846، دووشەممە 2005/12/12.

فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی عیراقە و هەموو بڕیارە گرنگ و مەزنەکان بە دەستی ئەوەوەیە. کە ئەمەریکا زانستگەیەک لە سلێمانی دەکاتەوە، هەرگیز مەبەستی پێشخستنی گەلی کوردستان و وڵاتی کوردستان نییە و دەیان مەرام و مەبەستی دیکە لە پەنا کردنەوەی وەها زانستگەیەکدا، خۆیان مەڵاس داوە. هەر دامەزراو و بنکەیەکی ئەمەریکا، هەرچییەک بێت و بۆ هەر مەبەستێک بێت، تەنانەت ئەگەر بۆ خوداپەرستییش بێت وەک مزگەوت و ئەوانە یا بۆ تیمارکردنی نەخۆش بێت یا بۆ کۆمەک بە زارۆک و ژن و پەککەوتە بێت یا بۆ ڕابواردن و خواردنەوە و بەنگکێشان بێت و یا بۆ هەر بەزمێکی دیکە بێت، لە هەرکوێیەکی جیهاندا و بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەم و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای خوارووی و وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات، کە دادەمەزرێت و دەکرێتەوە، بنکە و دامەزراوێکە، ئەگەر ڕێژەی 1%ی کارەکانی کارێکی مرۆڤانە بێت، ئەوا ڕێژەی 99%ی کارەکانی کاری سیخوڕی و جاسووسییە. بێجگە لەوەیش ئەوانەی، کە لەو جۆرە دامەزراوانەدا دەخرێنە گەڕ و کار وەردەگرن، بە پێزانین یا پێنەزانینی خۆیان بێت، دەخرێنە خزمەت کاری سیخوڕی و جاسووسییەوە. هەر ئەو دامەزراوانە بۆ خۆیشیان دەبنە فێرگە و بنکە و مۆڵگەی بارهێنانی سیخوڕ و جاسووس و پێگەیاندنیان و پەخشکردنەوەی فەرهەنگی سیخوڕی و جاسووسی و پەخشکردنەوە و پەرەپێدانی بێفەرهەنگیی ئەمەریکایی و تەواوی بێبەهایی و دەردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمەریکا و مێشکشۆردنەوە و شێواندن و تێکدانی مێژوو و فەرهەنگ و باری جڤاکی ئەو وڵات و شوێنانەی وەها دامەزراو و بنکەگەلێکی تێدا دەکرێنەوە. بناخەدانانی زانستگەیەکی ئەمەریکایی لە سلێمانی بێجگە لەو مەبەستە هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نییە. ئەمەریکا، بە ئاگاداری و زانیاری هەردوو سەرانی باشووری کوردستانیش، بە کردنەوەی پرۆژەیەک لە سلێمانی و یەکێکی دیکە لە هەولێر و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆکی حوکوومەتی سلێمانی و یەکێکی دیکەی لەگەڵ سەرۆکی حوکوومەتی هەولێر و پێشوازیی شاندێکی کارگێڕیی حوکوومەتی هەولێر و یەکێکی دیکەی کارگێڕیی حوکوومەتی سلێمانی و بانگهێشتنی بەرپرسێکی پارتیی و یەکێکی دیکەی یەکیەتیی و کردنەوەی فڕۆکەخانەیەک لە هەولێر و یەکێکی دیکە لە سلێمانی و ددانپێدانی بە هەردوو کارگێڕیی سلێمانی و هەولێر و نەڕەنجاندنی دڵی هەردوو لایان و تەماشکردنی هەردوو لایان وەک دوو دەسەڵاتی چەسپاو و شەرعیی و دابەشکردنی وەکیەکی نێزیکایەتی و دوورایەتیی خۆی بۆ هەردوو لەتە دەسەڵاتەکانی باشووری کوردستان، باشترین گەمە لە نێوان هەردوو لایاندا دەکات و بە ڕدینی هەردوو لایان پێدەکەنێت و ناڕاستەوخۆ پێیان دەڵێ: نەخەڵەتێن یەک بگرن! هەر ئەو گەمەیە، ڕاگرتنی هاوتایی هەردوو لایانە و پاراستنی دووکەرتی و نەگەیشتنەیەک و پێکنەهاتنی هەردوو لایانە و چەسپاندنی دەڤەرێکە بە نێوی فیدرالیی هەرێمی کوردستانی عیراق، بەڵام هەرێمێکی بێ کەرکووک، بێ مووسڵ، بێ بەشە کوردستانەکی دیالا و کووت. ئەگەر ڕاست بووایە و ئەمەریکا، وەک سەرانی کورد دەیڵێن و جەختی لە سەر دەکەنەوە و بانگاشەی بۆ دەکەن، دۆستی گەلی کوردستان بووایە، نە باشووری کوردستان گرێدراوی عیراق دەبوو و نە باشووری کوردستان دوو دەسەڵات و دوو حوکوومەت فەرمانڕەوایی دەکرد و هەنووکەیش ڕەوشی کورد و پرسی کورد و وڵاتی کورد، تەواوی کورد، لە ئاستێکی دیکەدا دەبوو.

2005-12-14